١١٢

# دنیای منداڵان

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٠

22 October 2011






## وتەی ئەمجارەمان

مندالە چاو گەشەکانی کوردستان! ئەم کاتەتان باش

مندالە خۆشەویستەکان! ئێوە چەندە گرینگی بە پاک و خاوێنی دەوروبەری خۆتان دەدەن و تا چ ڕادەیەک کەل و پەلەکانی ناو ماڵەکانتان و ژووری خۆتان پاک و خاوێن ڕادەگرن؟

بێگومان ئێوە زۆر گرینگی بە ماڵی خۆتان دەدەن و هەموو کەل و پەلەکانی ناو ماڵەکانتان وژوورەکانی خۆتان بە خاوێنی ڕادەگرن و زیان بە هیچ کام لە کەلوپەلەکانی ماڵەوە ناگەیەنن. مندالە ئازیزەکان! ئێوە هەر وەک چۆن گرینگی بە ماڵی خۆتان دەدەن دەبێت هەر بەو شێوەیەش گرینگی بە کەلوپەلەکانی قۆتابخانەکان و خوێندنگەکانتان بدەن، چون قوتابخانە ماڵی دووهەمی ئێوەیە و لە قۆتابخانە فێری خوێندن و زۆر ڕەوشتی جوانی دیکە دەبن. کە واتە دەبێت بە هەموو شێوەیەک کەلوپەلەکانی قوتابخانەکانتان بپارێزن و نەیانشکێنن و زیانیان پێ نەگەیەنن و تەنانەت ئیجازەش نەدەن کە هیچ کام هاوڕێکانتان زیان بە کەلوپەلەکانی قوتابخانەکانتان بگەیەنن، هەر کام لە منداڵانیش ئەو کارەیان کرد دەبێت پێیان بڵێن کە نابێت زیان بگەیەنن بە کەلوپەلەکان دیوار و دەرگا وپەنجەرە و مێز و سەندەڵییەکان و تەختەڕەش چون ئەم کەلوپەلانەو بە گشتی قوتابخانەکان مالی خۆتانە ولە ساڵانی داهاتوودا وەچەکانی دوای ئێوە و خۆشک و برایانی خۆتان و هاڕێیانتان دەبێت بۆ خوێندن و فێر بوون کەلک لەم کەلوپەلانە وەردەگرن.

مندالە خوشەویستەکان! مادام کە وایە با هەمووان پێکەوە ماڵی دووهەمی خۆمان بپارێزین و بە دروستی کەلک لێوەرگرین.






سیاسەتمدار و تێکۆشەری دێرینی گەلەکەمان ماموستا عەبدوڵلا حەسەن زادە

عەبدوڵلا کوڕی حەسەن ساڵی ١٣١٧ ی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی ١٩٣٨ ی ز لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە گوندی سیسێر سەر بە ناوچەی سەردەشت لە دایک بووە. ماموستا عەبدوڵلا لەو سەردەمەدا بە هۆی هەژاریی بنەماڵەکەی نەی توانیوە بچێتە شار بۆ دەرس خوێندن، هەر بۆیە لە گوندەکەی خۆیان لە حوجرەی فەقێیان دەست دەکا بە دەرس خوێندن و دواتریش لە چەند ناوچەیەکی تری کوردستان درێژە بەخوێندن دەدا، لەوانە چەند گوندێکی ناوچەی سەردەشت و لەشارەکانی بانە، بۆکان، پیرانشار، سەقز. هەروەها ساڵی ١٩٥٧ لە شاری مەهاباد خوێندنی مەدرەسەی زانستە ئاینییە کان تەواو دەکا، و دواتریش دەبێتە ماموستای ئایینی و لە گوندەکانی سەردەست.

هەروەها ماوەیەکیش لە باشووری کوردستان دەرس دەڵێتەوە.

ماموستا عەبدوڵلا یەکەم جار لە ساڵی ١٣٣٠ لە تەمەنی مێر منداڵی دا (١٣) دەبێتە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان. و لە دوای بوون بە ئەندامی تەواوی تەمەنی خۆی بۆ خەبات لە پێناوی ئازادی گەلەکەی دا تەرخان کردوە.

ماموستا حەسەن زادە بە هۆی ئەنجامدانی کاری تەشکیلاتی و سیاسیی لە سەردەمی رێژیمی پەهلەوی دا چەند جارێک ئاوارەی باشووری کوردستان دەبێ بەڵام دواجار لە ساڵی ١٩٧٨ ی زایینی بە یەکجاری دەگەڕێتەوە رۆژهەڵاتی کوردستان و درێژە بە خەباتی سیاسی خۆی دەدا.

هەر لە سەرەتاوە بە هۆی لێهاتوویی و کارامەیی و لە کاتی گرتنی کۆنگرەکانی حیزبی بە ئەندامی رێبەری هەڵبژێردراوە و بۆتە ئەندامی دەفتەری سیاسی و لە کۆنگرەکانی ٧ و ٩ بە جێگری سکرتێر هەڵبژێردراوە و لە کۆنگرەی ١٠ هەتا ١٣ بۆ ماوەی ١٠ ساڵان سکرتێری حیزب بووە.

لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران چەند جارێک لەگەڵ هەیئەتی کوردستان بۆ وتوێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەچێتە تاران، هەروەها لە دوای شەهید بوونی هەر دوو رێبەری شەهید دکتور قاسملوو و دکتور شەرەفکەندی وەک نوێنەری حیزب لە رێورەسمی بە خاک سپاردنیان دا بەشداری دەکا.

ماموستا عەبدوڵلا حەسەن زادە جیا لە کار و تێکۆشانی سیاسی هەمیشە لە پێناو خزمەت کردن بە ئەدەب و زمانی کوردیدا زۆری هەڵ داوە و چەندین بەرهەمی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی لەوانە: گێلە پیاو، کوردستان و کوردی شەهید د. قاسملوو، حەمەدۆک، دان چەرموو، هەتاو، بیرەوەرییەکانی دوور خراوەیەک، نزا بۆ ئارمین، سەرکەوتنی بێ سنوور لە ٢٠ رۆژدا، مەتەڵۆکەی هوەیدا و کتێبی نیوسەدە تێکۆشانی کە لە سەر ٥٠ ساڵ تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانە نوسیوەو جیا لە هەمووی ئەوانەش بە هەزاران وتاری سیاسی لە رۆژنامەی کوردستان و چاپەمنییە کوردییەکان دا بڵابۆتەوە. لە کۆتایی دا هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازین بۆ ئەو پیاوە مەزنە کە زیاتر لە ٦ دەیەیە لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەی بێ پسانەوە خەباتی کردوە و لە سەنگەری خەبات و تێکۆشان دا ماوەتەوە.

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین





_ ڕۆژێک کوڕێک دایکی زۆر نەخۆشی دەبێت، دەیباتە لای دکتۆر، دوای فەحس دکتۆرەکە بە کوڕەکە دەڵێت: دایکت بدە بە شوو چاک دەبێتەوە.

کوڕەکەش دەڵێت: ئاخر دکتۆر گیان، دایکم زۆر پیرە شووی چی!؟

دایکیشی لەدواوە یەک زلەی باشی لێ ئەدات و دەڵێت: ئاخر تۆ دکتۆری یان ئەو.

***

_ لە شەقامێکی قەرەباڵغ دا پیاوێکی کوێر خەریک بوو خۆی بکێشێ بە ژنێکا،

کوڕێک هەرای کرد و گوتی: وریا بە خاڵۆ گیان خۆت نەکێشی بەو ژنەدا.

کوێرەکەش بە نابەدڵی ڕێگاکەی خوار کردەوەو گوتی: یا ڕەبی تەمەن درێژ نەبی ، ئەوە ئەگەر عەموودی کارەبایەک بووایە پێت دەگوتم.

***

_ مامۆستایەک لە قوتابییەکی دەپرسێت ئادەی پێم بڵێ چ کاتێک کاتی لێ کردنەوەی میوەکانە؟

قوتابی : مامۆستا کاتێک باغەوانەکە لەوێ نەبێت.

***

_ کابرایەکی گێل پێڵاوەکەی دڕاوە دەیبات بۆ پینەچی بۆی چاک بکاتەوە.

پینەچییەکە بە پێنچ شەش تەقەڵ پێڵاوەکەی بۆ دەدورێتەوە.

پاش هەفتەیەک کابرای گێل دەچێتەوە بۆ لای پینەچییەکە و پێی دەڵێت:

هاتووم تەقەڵەکانم بۆ دەربهێنیت چونکە پێڵاوەکەم چاک بۆتەوە.

## هەتەڵ





چواری چەقە، دوانی زەقە
دوانی ڕەقە، دوانی لەقە

هەروا دەڕوا بە لەنگەر
بە دە لاق و بە بێ سەر

چوومە سەر هەردێکی، ڕوانیمە بەردێکی
دارێک بە چەپۆکان، دەیدا لە بەردێکی

منداڵە خۆشەویستەکان هەر کامتان وەڵامی دروستی ئەم مەتەڵانەمان بۆ بنێرنی لە لایەن دنیای منداڵانەوە خەڵات دەکرێی.

براوەی خەڵاتی مەتەڵەکانی ژمارەی ١١١ دنیای منداڵان

ئەوین بامرادی

## ئادەی بە دڵی خۆتان بمڕەنگێنن







ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا.

www.Kurdistanukurd.com

سەرنووسەر: فەرشید محەممەدی* دەستەی نووسەران: هانا وریا، تریفە سادقی، شیلان قوربانی فەر

مۆنتاژو دیزاین: مینا سولتانزادە

دنیای منداڵان

# تەماع

له ناو گوندێکی بچووکدا بنەماڵەیەکی هەژار دەژیان دەکرد کە خاوەنی چەندین منداڵ بوون و ژیانیان زۆر ناخۆش بوو، و تاکە بژێوی ژیانیان دارە سێوێک بوو کە لە باخچەی ماڵەکەیاندا بوو. هەموو جارێک پیاوە هەژارەکە دەچووە ناو باخچەکە و سێوەکانی لێ دەکردنەوەو دەی بردن بۆ شار و دەیفرۆشتن و خواردنی بۆ بنەماڵەکەی دەهێنایەوە و منداڵەکانی تێر دەکرد. تا وای لێ هات دارە سێوەکە ئیتر سێوی پێوە نەمابوو بۆ فرۆشتن و ئەو بنەماڵە هەژارە برسی مابوون. بەیانییەکی زوو پیاوەکە لە خەو هەستاو چوو بۆ ناو باخچەکە، بینی کە دار سێوەکە، سێوێکی گەورەی سووری گرتوە. پیاوەکە سێوە سوورەکەی لێ کردەوە و به خۆی گوت: به فر ۆ شتنی ئەم دانە سێوە تەنیا د ە تو ا نم یەک ژەمی منداڵەکانم دابین بکەم. بەڵام دەتوانم بیدەم بە سوڵتان بە دیاری بۆ ئەوەی دڵخۆشی بکەم. هەر بۆیە سێوەکەی بۆ



سوڵتان برد. سوڵتان کاتێک لە دەورووبەرەکانی بیست کە ئەو پیاوە زۆر دەست تەنگ و هەژارە، لە گەورەیی و دڵفراوانیی ئەو پیاوە هەژارە زۆر دڵخۆش بوو. بۆیە بڕیاری دا کە توورەکێکی زێڕ بداتێ، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پیاوە هەژارەکە ژیانێکی خۆش پێک بێنێ.
یەکێک لە ژێر دەستانی سوڵتان کە ئەو شتەی بینی گوتی: ئەگەر سوڵتان لە بەر یەک دانە سێو توورەکێک زێڕ ببەخشی، کە واتە منیش دیارییەکی بۆ دەبەم و دیارییەکی زۆری لێ وەردەگرم. هەر بۆیە ڕۆژی دواتر چوو بۆ زێڕنگەری و داوای لێ کرد کە سێوێکی لە زێڕ بۆ دروست بکەن و پاشان بردی بۆ سوڵتان. سوڵتان کە ئەم شتەی بینی پێی گوت: ئەو پیاوە هەژارە هەموو داراییەکەی بە من بەخشی، بەڵام تۆ لە بەر تەماع تۆزێک لە سەرمایەکەت بۆ هێناوم، بۆیە هەر ئێستا تەمبێت دەکەم. بۆیە فەرمانی بە ژێر دەستەکانی کرد تا هەموو داراییەکەی لە ناو هەژاراندا دابەش بکەن.

و: بیرەوەر ڕەسوڵ پور

## منداڵە چاو گەشەکان! جیاوازییەکانی ئەم دوو وێنەیە ببیننەوە!





# نامەیەک بۆ کچی شەهید

شەماڵی هیوا کە هێنای نەوید  هەناردە دیاری لە کچی شەهید

بۆ هاوڕێیانی باوکی شەهیدی  بۆ بەردەوامی هیوا و ئومیدی

کۆرپەی دەستەمۆی چەوێڵی گەردوون  بخوێنە بەستەی ژینی دوناودون

بینایی دیدەی بوێرانی گەل  بانگی ئەی رەقیب بشنێ لە سەر کەل

نرخی ئەم یادەت کردۆتە پشکۆ  دیاریت ناردوە بۆ ژوانی سۆ

لە نووری دیدە و لە هەنسک و ژان  رێبازی بابەت کردۆتە رێژوان

ئێمەش ئەمەگمان رێبازی ئەوە  نەسرەوتن پیشەی بە رۆژ و شەوە

بویتە بەرایی رێبوارانی شاخ  ناخی خۆزگەمان لێت ئەگرێ سۆراخ

ببینە گرشە بۆ نیگای چاوت  سەر نەوین لە بۆ بیر و پێناوت

تاجی سەنگەرو سەرجەم گەلمانی  ئاڵای شەکاوەی دوندو کەلمانی

رۆڵەی بوێری سەنگەری سووری  بۆ شەوانی گەل هەرمانی نووری

خۆری ئەم گەلە قەت ئاوا نابێ  تا رۆڵەی وەک تۆی لە هاناوا بێ

ن: عەباس حەقبین

# کەروێشکی دڵسۆز و سووپی گێزەر



ڕۆژێک لە ڕۆژان، کەروێشکێکی دڵسۆز لە دێهاتێکی سەر سەوز و خۆش دا دەژیا.
بەیانییەک کاکی کەروێشک بڕیاری دا بچێ بۆ مەزرا و بۆ چێشتی نیوەڕۆی چەند دانە گێزەر لێکاتەوە تا سووپێکی بەتام ساز بکا. کەروێشکی دڵسۆز چوار دانە گێزەری لە زەوی هەڵقەند و بۆلای ماڵێ وەرێ کەوت.

ئەو لە ڕێگای ماڵێ دا کاکی مشکی دیت. کاکی مشک سڵاوی لە کەروێشک کرد و گوتی: «کەروێشکی دڵسۆز! منداڵەکانم برسییانە، دەکرێ یەکێک لە گێزەرەکانتم بدەیەی؟»
کەروێشک یەکدانە گێزەری بە کاکی مشک دا. مشکیش سپاسی کرد. سێ دانە گێزەر بۆ کاکی کەروێشک مابوونەوە.



لە دوایەدا کەروێشک تووشی خانمی بەراز بوو. خانمی بەراز سڵاوی لە کەروێشک کرد و گوتی: «کەروێشکی دڵسۆز، دەمهەوێت بچمە بازار تا گێزەر بۆ منداڵەکانم  بکرم، بەڵام زۆر ماندوو بووم و ئێستاش نەگەیشتوومەتە بازار. دەکرێ دەنکێک لە گێزەرەکانت بدەی بە من؟»
کەروێشک یەک دانەی دیکە لە گێزەرەکانی دا بە خانمی بەراز. ئێستا دوو دانە گێزەر بۆخۆی مابوونەوە.



ئەو جارەیان کەروێشکی دڵسۆز، مراویی عەینەکیی دیت. مراوی سڵاوی کرد و گوتی: «کەروێشکی دڵسۆز، ئایا تۆ دەزانی کە گێزەر بۆ چاو زۆر باشە؟ دەکرێ یەکێک لە گێزەرەکانتم دەیەی؟»
کەروێشکیش بە ڕوو خۆشییەوە گێزەرێکی دا بە مراویی عەینەکی و وەڕێ کەوت. ئێستا کاکی کەروێشک تەنیا یەک دانە گێزەری مابۆوە.





ئەو بە بەر دەرگای ماڵی خانمی مریشک دا تێ دەپەڕی. خانمی مریشک بانگی کرد و دوای سڵاو گوتی: «کەروێشکی دڵسۆز، زستان بە ڕێگاوەیە. چەند ڕۆژی دیکە جوجەڵەکانم لە هێلکە دێنە دەرێ و من ئێستا هیچ لیباسێکم بۆ ساز نەکردوون. دەکرێ ئەو گێزەرە بدەی بەمن؟ ئەگەر لە سەر هێلکەکانم دانیشم بە دڵنیاییەوە جوجەڵەی زۆرتر ساز دەکەم.»

کەروێشکی دڵسۆز یەک دانە گێزەرەکەی کە مابۆوە دای بە خانمی مریشک و بۆ لای ماڵێ وەرێ کەوت.

کاکی کەروێشک ماندوو و برسی گەیشتەوە ماڵێ. گێزەری پێ نەمابوو. لەگەڵ خۆی بیری دەکردەوە کە بۆ نیوەڕۆ چ چێشتێک ساز بکا، کە گوێی لە دەنگی درگا بوو.



کەروێشک پرسی: «کێ لە پشت درگایە؟»

دەنگێکی بیست: «ئێمەین، کاکی مشک، خانمی بەراز، مراویی عەینەکی، خانمی مریشک.»

کەروێشکی دڵسۆز درگای کردەوە. بە سەرسورمانەوە چاوی لە هاوڕێیانی دەکرد. ئەوان گوتیان: «ئەورۆ تۆ هەموو گێزەرەکانت دا بە ئێمە. ئێمەش بە گێزەرەکانی تۆ چێشتمان ساز کرد و بۆمان هێنای.»

کەروێشک کە زۆر خۆشحاڵ ببوو، هاوڕێیانی بۆ ماڵێ بانگهێشتن کرد و پرسی: «چ چێشتێکمان ساز کردوە؟»



هەموو بە یەکەوە گوتیان: «سووپی گێزەر»

لە دوایەدا هەموو بەیەکەوە لە دەوری میز دانیشتن و سووپی گێزەریان خوارد.



وەرگێران: سەروین فەتاحی

# جوانترین باوک

لەسەر کورسییە دارەکە، بەرامبەر پەنجەرە دانیشتبووم.

پاییز بوو، باران دڵۆپ دڵۆپ لە پەنجەرەکەی دەدا.

حەوشەکەمان بە ئاوی باران پاک ببۆوە. دەنگی دڵۆپەکانی باران و جیڕەی کورسیە شکاوەکە بە ئاگایان هێنامەوە، چاوم لەسەر درزەکانی پەنجەرەکە هەڵگرت و ..... باوکم بینی، لە بەر ئەو بارانە دەهات و دەچوو، زۆر بە ئارامی، دەتگوت ئەو هەورانەیە کە بە ئارامی دەبارێن. زۆرناڕەحەت دیار بوو. نەمدەزانی دڵۆپەکانی بارانە لەسەر کولمەکانی یان فرمێسکەکانیەتی. هەوا زۆر مات بوو، نازانم تەم بوو وڵاتی داگرتبوو یان دووکەڵی سیگارەکەی بابم.

پەنجەرەکەم کردوە و .....

بابە گیان بۆ نایە ژووری سەرمات دەبێ.

هێندەی پێنەچوو، بابم هاتەوە ژووری. لە پەنام دانیشت.

وەک هەمیشە ماندوو بوو. بەڵام ئەورۆ خەمێکم لە چاوەکانی دا بەدی دەکرد، دەستم خستە نێو دەستەکانییەوە و فرمێسکەکانی هاتنە خوارەوە.

هێزی ئەوەی نەبوو قسەم لەگەڵ بکا، فرمێسکەکانیم بۆ سڕی و بڕێکم دەستە قڵیشاوەکانی بۆ چەور کرد و چایەکی گەرمم بۆ تێکرد.

لە لایەکەوە پێم خۆش بوو بزانم چ شتێک بابمی ناڕەحەت کردوە و، لە لایەکیشەوە پێم خۆش بوو لەبیری بەرمەوە. بۆیە خۆم بێدەنگ کرد و چاوم لە باران و گەڵا زەرد هەڵگەڕاوەکانی حەوشەکە کرد.

«دەستم خاوێن بوو، نازانم بۆ وای گوت؟»

بە بیستنی ئەو ڕستەیە داچڵەکیم.

لە بابم چوومە پێشەوە. زانی پێم خۆشە زیاتر ببیستم.

بەردەوام بوو گوتی:-

ئەورۆ دوای تەواو بوونی کارەکەم، کەیفم ساز بوو، من و باران پێکەوە شار و شەقام و شۆستەکانمان خاوێن کردبووە. خۆشحاڵ بووم کە ئەو دیمەنە جوانانەم دەدیت. گوتم با پیاسەیەک بکەم.

منداڵێک لەگەڵ باوکی لە پێش منەوە بە سەر شۆستەکە دا دەڕۆیشتن. منداڵەکە خەریکی هەڵپچڕینی بسکویت و ئاومیوەکەی بوو. بسکویتەکەی لە دەستی کەوتە خوارەوە. لێی چوومە پێشەوە و بۆم هەڵگرتەوە و بۆم هەڵ پچڕی، خەندەیەکی جوان لەسەر لێوەکانی بوو دیار بوو بەو پێکەنینەی دەیویست سپاسم بکات. لەو دەمەدا باوکی لە منداڵەکەی هاتە پێشێ و گوتی پیسە فڕێی دە.

من و منداڵەکەش هەردوو سەرمان سوورما



بوو، هیچم پێنەدەگوترا ڕۆڵە، زۆر بە خێرایی ئەوێم بە جێهێشت.....

فرمێسکی بابم وەک بارانە کە خێراتر دەهاتنە خوارێ.

هیچ شتێکم نەبوو بابمی پێ دڵخۆش بکەم لەوە زیاتر نەبێ کە دەست لە ملی بکەم و پێی بسەلمێنم ئەو خاوێنترین مرۆڤە کە من دەیناسم.

پاییزە و بەرە بەری کردنەوەی خوێندنگە، دیسان ناسینی مامۆستای نوێ و خوێندکاری نوێ ......

بەیانی هەستام و خۆم بۆ خوێندنگە ئامادە کرد.

چەند دڵخۆش بووم کە دەمتوانی هەست بە جوانیەکان بکەم لەو بەیانییە پاییزیەدا.

شار خاوێن، شەقام خاوێن، تەنانەت گەڵا

وەریوەکانیش پاک و خاوێن.

چوومە پۆلەوە، مامۆستایەکی نوێ هاتە ژوورەوە، سەرەتا خۆی ناساند و دواتریش ناوی هەریەک لە خوێندکارەکان و پیشەی باوکیانی پرسی. نازانم بۆ مامۆستاکان بێجگە لە ناوی خوێندکارەکانیان پیشەی باوکیشیان بۆ گرنگە.

باوکم بازرگانە،
مامۆستایە،
پزیشکە،
ئەندازیارە،
نووسەرە .....

نۆرە گەیشتە من و پیشەی باوکم. زۆر بە شانازییەوە گوتم بابی من شارەکەمان پاک دەکاتەوە، بابی من زبڵەکان فڕێ دەدات، بابی من شەقامەکان گەسک دەدات.

هەموو پێدەکەنین، مامۆستاکەش هەر زوو پێی گوتم دانیشە.

پێناسەی پیشەی باوکم کرد، ئەوان پێی دەکەنین، هاوڕێیەتیم ناکەن، هەیانە منی پێ پیسە، هەیانە نایهەوێت هاوڕێی هەژاری هەبێت.

دڵم پڕ بوو پێم خۆش بە دەنگی بەرز پڕ بەو پۆلە بگریم.

نازانم ئەو ڕۆژەم چۆن بەرێ کرد.

من دەزانم باوکم لەگەڵ هەر گنجێک کە لە دەم و چاوی هەیە یادگارییەکی ناخۆشی لەگەڵ هەڵگرتوە.



دەزانم لەگەڵ هەر برینێکی دەستی دا، برینێکیشی لە دڵیدا هەڵگرتوە.

دەزانم باوکم هەر کۆڵانێک، هەر شەقامێک و هەر بەر دەرکێک بە ماڵی خۆی دەزانێت.

بابم ڕێزی جوانییەکان دەگرێت، هەر ئەوە دیمەنە ناشیرینەکان پاک دەکاتەوە.

ئەگەر بازرگانێک لەسەر هەر پارچەیەک زانیاریەک دەدات و باسی شوێنی درووست کردن و جۆرەکەی دەکات،

ئەگەر مامۆستایەک لەسەر هەموو بابەتێکی زانستی زانیارییەک دەدات و باسی مێژوویەکەی دەکات،

ئەگەر پزیشکیک بە دیتنی کەسێکی نەخۆش باسی جۆری نەخۆشییەکە و چۆنیەتیی تووشبوونی و چارەسەرەکانی دەکات،

ئەگەر نووسەرێک لەسەر هەر بابەتێک کە بەرچاوی دەکەوێ بە چەندین لاپەڕە لەسەری دەدوێت و دەنووسێت،

ئەگەر ئەندازیارێک بە شەقامێکدا و بە بەردەمی هەر خانوو و بینایەکدا تێ دەپەڕێ، و بە شانازییەوە دەڵێ من نەخشەکەیم داڕشتوە،

ئەوا هەر یەک لەوانە بێجگە لەو ئەرکەی کە لەسەریانە، حەقە:

بازرگان بڵێ کوتاڵەکانم جوان دەرناکەون ئەگەر لە سروشتێکی جوان و هۆڵێکی جواندا نەپۆشرێن..... باوکمە سرووشت بە جوانی دەهێڵێتەوە و هۆڵەکان پاک دەکاتەوە.

پزیشک بڵێ زۆربەی نەخۆشییەکان تووشمان نابن ئەگەر ژینگەکانمان خاوێن بن ..... باوکمە دەمانپارێزێت لە نەخۆشییەکان.

ئەندازیار بڵێ جوانی نەخشەکانی من دەرناکەون ئەگەر بەر دەرگا و بینا و شەقامەکان بە دەستە جوانەکانی بابم و نموونەکانی وەک ئەو خاوێن نەکرێنەوە.

نووسەر ئەرکیەتی لەسەر ئەوانە بدوێت و ئەو خەڵکانە ئاگادار بکاتەوە کە بە پیشەکەی باوکم پێدەکەنن، مامۆستاش خوێندکاران وا پەروەردە بکا نەک هەر بە نموونەکانی باوکم پێ نەکەنن بەڵکوو بەوپەڕی ڕێزەوە لێی بڕوانن.

ئاخر بابمە زبڵی بەر دەرکەی ماڵی بازرگان، مامۆستا، پزیشک و نووسەر فڕێ دەدا.

من دەزانم لویچەکانی دەم و چاو و دەستی باوکم بەرهەمی هەموو ئەو ئازارانەن کە تەنیا یەکێک لەوانی بۆ من گێڕایەوە.

ن: هانا وریا

# چێشتخانە

یەکێ لە چێشتخانەکانی ناو ڕێگا بە خەتێکی گەورە لە سەر دەرگای چونەژورەوە نووسرابوو: ئێوە لەم شوێنە خواردن بخۆن ئێمە پارەکەی لە نەوەکەتان وەردەگرین.
شۆفیرێک بە دیتنی ئەمە خێرا سەیارەکەی ڕاگرت و چووە ژوری و تێر، خواردنی خوارد، ئینجا هەستاو سەری داخست و ویستی بچێتە دەرێ کە لە پڕ یەکێ لە خزمەتکارەکان بە سورەت حیسابێکی دوور و درێژ لە پێشی ڕاوەستا.
شۆفیرەکە بە سەرسوڕمانەوە پێی وت: ئەدی ئێوە لە سەر دەرگای هاتنەژورەوە نەتان نووسیوە کە پارەی خواردنەکە لە نەوەکەم وەردەگرن؟
خزمەتکارەکە بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە کە: بەڵێ قوربان



ڕاستە، پارەی خواردنی ئەمڕۆی جەنابتان لە نەوەکەتان وەردەگرین بەڵام ئەمە حیسابی باپیری کۆچ کردوتانە.

و: نیعمەت مەلا

# بەسەرهاتی بۆقی بێ شانس

لە زەمانی قەدیمدا لە نێو دارستانێکی سەرسەوز و جوان، کانییەک هەبوو کە ئاوێکی ڕوون و جوانی هەبوو. گیانلەبەرو شتی جۆراوجۆر لە دەوروبەری ئەو کانیە ژیانیان بەسەر دەبرد و هەر کات توونییان بایە دەچوون لە ئاوی ئەو کانیەیان دەخواردەوە.
هەر لەو کانیەدا بۆقێکیش ژیانی بەسەر دەبرد و لەگەڵ مشکێک کە ماڵەکەی لەو دەوروبەرە بوو دۆستایەتیی لە مێژینەیان هەبوو. ئەو دوو هاوڕێیە هەموو قسەیەکی دڵیان پێکەوە باس دەکرد و لەوەی کە پێکەوە دادەنیشتن و پێکەوە دەردی دڵییان دەکرد زۆر کەیف خۆش بوون.
ڕۆژێکیان مشکەکە هاتە لای بۆق و گوتی هاوڕێی



خۆشەویستم! لەمێژە دەمهەوێ شتێکت لەگەڵ باس بکەم، ئەگەر ڕاستییەکەت دەوێ جارو بار کە دێمە سەر ئەو کانیە بانگت دەکەم بەڵام تۆ گوێت لە دەنگم نابێ و ئەمن لە دیتنی خۆت بێ بەش دەکەی. ماڵی من لە دەرەوەی ئاو دایە و ماڵی تۆ لە نێو ئاو، نە ئەتۆ گوێت لە دەنگی من دەبێ نە منیش گوێم لە دەنگی تۆ دەبێ، خۆزگە توانیبامان ڕێگاچارەیەکی بۆ بدۆزینەوە تاکوو ئاگامان لە حاڵی یەکتر هەبێ.
دوای چەند کاتژمێر قسە کردن ڕێگایەکیان بۆ کێشەکەیان دۆزیەوە ئەویش ئەوە بوو کە پەتێکی درێژ بێنن و سەرێکی لە لاقی مشکە ببەستن و سەرەکەی دیکەی لە لاقی بۆقەکە ببەستن و هەرکات کە بێ تاقەت بوون یەکتر ئاگادار بکەنەوەو بێنە دەرێ بۆ دانیشتن.
ماوەیەکی پێ چوو و ئەو دوو هاوڕێیە بەو شێوەیە یەکتریان ئاگادار دەکردەوە بۆ دانیشتن پێکەوە و حاڵ و ئەحواڵی یەکتریان دەپرسی. تا ئەوەیکە ڕۆژێک داڵێک هات و مشکەی بە دندوکی هەڵگرت. بۆقەش وای زانی کە ئەوەی مشکەیە پەتەکە دەکێشی بە خۆشحاڵییەوە هاتە سەر ئاوەکە. بەڵام لە پڕدا دیتی کە پەتە بە دندوکی داڵێکەوەیە و بە مشکەکەوە بەرەو ئاسمان دەڕوا. بۆقی بێچارە ئەگەر دیتی ئەوە مشکە بە دمی داڵەکەوەیە هەم پێکەنینی دەهات و هەمیش زۆر ترسابوو.
خەڵکی شار کە ئەو شتەیان دیت پێیان سەیر بوو چۆن شتی وا دەبێ چۆن داڵ دچێتە نێو ئاوو هاوکات هەم بۆق دەگرێ و هەم مشک؟
بۆقی بێ زمان لە حاڵێکدا کە گوێی لە تانە و تەشەری خەڵکی دەبوو و بەداخ بوو بۆ حاڵی خۆی و لە بوونی هاوڕێیەکی ئاوا بە تەواوی پەشیمان بووە بەڵام جگەلە خەفەت خواردن هیچ کارێکی دیکەی لە دەست نەدەهات.

ئا: دایکی نارین

# وڵاتەکەمان بناسین

## «روانسەر»

شارستانی روانسەر یەکێکە لە شارستانەکانی پارێزگای کرماشانی سەر بە رۆژهەڵاتی کوردستان کە دەکەوێتە ٦٠ کیلۆمیتری باکووری رۆژئاوای شاری کرماشان. ئەم شارستانە لە باری هەڵکەوتەی جۆغرافیاییەوە لە باکوورەوە لە گەڵ شارستانی کامیاران، لە باشوورەوە لە گەڵ شارستانی سەلاسی باوەجانی و بەخشی کۆزەران، لە رۆژهەڵاتەوە لە گەڵ کرماشان و لە رۆژئاواوە لە گەڵ هەر دوو شارستانی پاوە و جوانرۆ سنووری هاوبەشی هەیە. رووبەری جۆغرافیایی ئەم شارستانە ١٠٤٠ کیلۆمیتری چوار گۆشەیە، ئەم شارستانە لە دوو بەخشی مەرکەزی روانسەر و بەخشی شاهۆ و شەش گەورە دێی حەسەن ئاوا، دەوڵەت ئاوا، بەیرئاو، زالواو، قوریقەڵا و مەسووراخەیی و ١٧٠ گوند پێک هاتوە.

بە پێی ئامارەکان ئەم شارستانە زیاتر لە ٥٠٠٠٠ کەس حەشیمەتی هەیە، خەڵکی ئەم ناوچەیە بە زاراوەی سۆرانی ( جافی ) قسە دەکەن و لە باری ئایینییەوە لە ١٠٠دا ٩٠دی خەڵکەکەی موسڵمانی سونی مەزهەب و لە ١٠٠دا ١٠یەکەی دیکەشی شیعە مەزهەبن.

شاری روانسەر ١٣٦٠ میتر لە



ئەشکەوتی قوڕی قەڵا

دەریا بەرزترە و لە وەرزی زستاندا ئاوو هەوایەکی سارد و کوێستانی و لە وەرزی هاویندا ئاوو هەوایەکی فێنک و خۆشی هەیە. رێژەی بارینی ساڵانە لەم ناوچەیە زیاتر لە ٦٠٠ میلیمیترە.

چەندین کێوی بەرزی وەک: شاهۆ، ولانی، ناڵە شکێنە، ساخ شکێن، مازەرد و سەرکەوە لەم ناوچەیە هەڵکەوتوون کە بەرزایی هەندێکیان سەرووی ٣٠٠٠ میترە و بوونەتە سەرچاوەی ئاوی چەندین چۆم و سەراو و کانی گەورە و بچووک



شاری روانسەر

لەم دەڤەرە. چۆمی قەرەسوو کە سەرچاوەکەی سەراوی روانسەر و هەروەها چۆمی وشکەرۆ، چۆمی خڕ و چۆمی ئاسماوا لەم ناوچەیە هەڵکەوتوون و هەروەها چەندین سەراوی جوان و پڕئاوی وەک: سەراوی روانسەر، سەراوی جاوری وسەراوی براوارەیین..... لەم شارستانە هەڵکەوتوون.

بەشی هەرە زۆری خەڵکی شارستانی روانسەر بە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵن و بژێوی ژیانیان بەم شێوەیە بەدەست دێنن.

لە باری کشتوکاڵەوە شارستانی روانسەر وەک ناوچەیەکی دەوڵەمەندی کوردستان دێتە ئەژمار کە ساڵانە زیاتر لە ٨٠٠٠٠ تۆن گەنم و زیاتر لە ٦٠٠٠٠ تۆن گوڵەدان و بە رێژەیەکی بەرچاویش جۆ، نۆک، کولزا، تەماتەو خیار و سەوزی لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئەم ناوچەیە بەرهەم دەهێنرێت. شایانی باسە کە شارستانی روانسەر لە بەرهەم هێنانی گوڵەدان لە وڵاتی ئێراندا لە پلەی یەکەمدایە.

چەندین شوێنەواری کۆن و مێژوویی وەک: تەپە مووسایی کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ٥٠٠٠ ساڵ پێش زایین، دەخمەی روانسەر( تاقی فەرهاد ) کە هی سەردەمی هەخامەنشییەکانە، بەردی مەزبەح، و گۆڕستانی پشت قولە کە بەشێکی بەرچاو لە کێڵ قەبرەکانی بە خەتی کووفی نووسراوەتەوە لە شاری روانسەر هەڵکەوتوون.

هەروەها چەندین مەزارگەو شوێنەواری ئایینی وەک: وەیس القەرەنی، باوا حەیران، سێ سوارە، شێخ سەراو هۆری مەرد لەم ناوچەیە هەڵکەوتوون.

هەروەها ئەشکەوتی قوڕی قەڵا کە درێژترین ئەشکەوتی ئاویی ئاسیایە و درێژاییەکەی بە زیاتر لە ١٢ کیلۆمیتر مەزەندە دەکرێت و یەکێکە لە ٧ شوێنەواری میللیی ئێران و چەندین ئەشکەوتی دیکەی وەک: ئەشکەوتی کاوات، ئەشکەوتی مەڕ کۆڵیان و ئەشکەوتی میرەسەن لەم شارستانە هەڵکەوتوون.

شایانی باسە کە چەندین شاعیر و نووسەر و گەورە مامۆستای ئایینیی وەک: میرزا ئەحمەدی داواشی شاعیر، خورشید نمای داواشی شاعیر، سەید تاهیری هاشمی نووسەر و خۆشنووسی بە توانا، سەید حەبیبوڵلای نەعلێنی شاعیر و رووناکبیر و مامۆستا مەلا مەجیدی نادری دەوڵەت ئاوایی گەورە مامۆستا وزانای ئایینی لەم ناوچەیە هەڵکەوتوون کە خزمەتێکی زۆریان پێشکەش بە ئەدەب و فەرهەنگی گەلەکەمان کردوە.

کانی وایان

# وێنەو نەقاشییەکانتان لە دنیای منداڵان دا



نگین و ئیمان



دانیال خوبانی



سارا ئیسماعیلی



کیان خانزادی



تیپی موسیقای منداڵانی خانەی سێوەی کۆیە



دیار دلێر



ژیار دلێر



سۆما رەواندوست



ئاوێزان بامرادی



سۆما ئیبراهیمی



سروشت مستەفاپوور



سیاوەش قەزایی



ژیلوان خێری



ئەوین بامرادی



سارۆ جەزایرچی